www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 9-2-2007 0:07

## ماچە با ... سالار جەوهەر

Salar74. j@hotmail. com



با عاشقێکی توورەیە
دوێنێ بینیم
بە تەنها یەك چاوتروکان
لە زێوەری پرچەکانتا
کودەتایەکی هەڵگیرسان
با عاشقێکی گەورەیە
لای تۆ ڕۆیی ... لەبالای ئەو دارە هەژا
هەر چاوترووکانێ ئەبوو
کە بەجێی هێشت
هەزارەها چرۆ مناڵەی گرتبوو
با عاشقێ بە رەوشتە
بەهەشتی سێوی تۆی دیوە
کەچی هێشتا
خۆی لەکەسێ نەگۆڕیوە
با عاشقێکی بەجەرگە
چەندەها جار بەگەرووی تۆدا ڕۆچووە
کەچی هێشتا
ویزەی دێ و خۆی نەکووشتووە
با عاشقێکی پیرۆزە
پەنجە ... پەنجە
لەشیلاوی کێڵگەی لەشی تۆی مژیوە
کەچی هێشتا
کەسێ وەکو خوا نەیدیوە

2005
لەنامیلکەی (ئەو شیعرانەی تۆ ئەبینن)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.